داهێنەری نەتەلا کەچی دوایی کرد

کیمیازانی ئیتاڵی فرانچیسکۆ ڤیڤیلا لە تەمەنی 97 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ڤیڤیلا بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵ لێگەڵ کۆمپانیای "فیرەرۆ" کاری کرد، لەوێ ڕۆڵی سەرکی هەبوو لە گۆشەپێدانی چێندین بەرهەمی بەناوبانگی وەک "نوتەلا، تیک تاک و کیندەر"، وەک دەستە ڕاستی دامەزرێنەری کۆمپانیاکە میشێل فیرەرۆ، ڕۆڵی سەرکی هەبوو لە دروستکردن و هەڵبژاردنی ناوی نوتەلا.

ڤیڤیلا لە ساڵی 1952 لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا پەیوەندی بە کۆمپانیای فیرەرۆ-وە کرد، لەوێ دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە لە کۆرستەی خاوی شوکلاتە کە بۆ دروستکردنی بەرهەمکانی کۆمپانیاکە بەکاردەهێنرێت، لەو کاتەدا، براندی کۆمپانیای فیرەرۆ هەشتا لە ساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنیدا بوو، لە شارۆچکەی بچووکی ئەلبا لە باکووری ئیتاڵیا بنکەی هەبوو.

پاش زیاتر لە ساڵێک لە کارکردن لەسەر پەرەپێدانی هەویری چوکلاتی گوێز، ریفیلا یەکەم پاکەتی کرەمی گوێز و کاکاوی لە ساڵی 1964 دروست کرد.

کاڵایەکە پێکهاتبوو لە شەکر، زەیتی خورما، گوێز، شیر، کاکاو، لەسیتین و ڤانیلا، کە ناوبانگێکی زۆری بەدەستهێنا بوو کە ساڵانە پێنجی شوبات ئاهەنگ بۆ یادی دروستکردنی ئەو کاڵا کاکاوە دەگێڕا.